# با بە بایەکۆتکردن لە دەنگدان بە ڕووی گەندەڵییەکاندا هەڵشاخێین

ئەوڕەحمان مەلا سەعید زەنگنە
**Rahman_256@hotmail.com**

ئایا هاودەنگیم دەکەن کە بە درێژایی سیازدە ساڵی ڕەبەقە ، لە دەسەڵات و حوکمڕانییە تۆتیالیتارانەکەی پارتی و یەکێتی لەمەڕ کوردستانەکەی خۆماندا ، نە ئازادی و نە یەکسانی و نە بەرابەری و نە دادوەری لە نێو توێژ و چینەکانی کۆمەڵدا ڕەچاو کراوە ؟ نە نرخێکیش بۆ بەرزڕاگرتنی سەروەریی یاسا دەستەبەر کراوە ، نە لە دوور و نە لە نزیکەوەش ڕێزێک لە مافی تاک یان لە کۆمەڵگای کوردستانەوە نەنراوە ؟ ئەمە وێڕای ئەوەی کە بچووکترین هەنگاوێک بۆ دارشتنی بنەمایەک بۆ وەدەسهێنان و بنیاتنانی ژیانێکی دیموکراتیانە ، نە بۆ هاوڵاتیانی ئێستا و نە بۆ نەوەکانی پاشەڕۆژیش نەنراوە ، کە خۆی لە دامەزراندنی دەزگا مەدەنییەکانی دوور لە دەستێوەردانی پاراستن و ئاساییش و دەسەڵاتی حیزبایەتییەوە دەنوێنێ ، تەنانەت بۆ خوێچەشیش بێت ، تاکە دەزگایەکی مەدەنیی لە کوردستاندا بەدی ناکرێت تا بتوانێ گوزارش لە داخوازییەکان و دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاری بۆ توێژ و چینەکانی کۆمەڵگای کوردستانەوە دابین بکات ! لە هەمان کاتیشدا پاداشتێکی شایستەی قوربانییەکانی جەماوەر و بەری ڕەنجی خەبات و شۆڕشی درێژخایەنی ئەو خەڵکە خێرلەخۆ نەدیوە بێت ، کە هەر بە تەنها ئەوان سووتەمەنییە ڕاستەقینەکەی بوون و مافی ڕەوای خۆیانیشە کە هەر نەوەکانی ئەوانیش میراتگرێکی ڕاستەوخۆی ئەو دەسکەوتانە بن . بە پێچەوانەی بۆچوونی سەرانی کوردەوە کە دەیانەوێ وێنەیەکی تەڵخی چەواشەی ئەوتۆ لە مێشکی خەڵکاندا بکێشن ، کە ئەم نەوەیەی ئێستای کورد بە بەبێ هیچ خەبات و ئارەقەڕشتن و ڕەنجکێشانێک ، بە حازرەکی هاتوونەتە سەر دەسکەوتەکان و بۆیان نییە باس لە کەموکوڕی و گەندەڵی یان داوای چاکسازی و پاکسازی یان هەڵێنانەوەی هەنگاو بەرەو دەستەبەرکردن و دامەزراندنی دەزگا مەدەنییەکانەوە بکەن ، وەک ئەوەی کاک مەسعوود بارزانی لە چاوپێکەوتنەکەی قوتابیان و خوێندکارانی پێش چەند ڕۆژێک لەمەوبەر ، لە وەڵامی پرسیارێکدا گوزارشی لێوە کرد !

ئەو مافە خۆڕسکە ڕەوایەی کە باوباپیران چ بە پێشمەرگایەتی یان لەژێر بۆردومان و کیمیاباران ، بە ڕشتنی ئارەقە و خوێن و ڕەنجی خەباتیان ، یان بە سووکایەتی پێکردنی دوژمنان و ئەشکەنجەدانی نێو زیندانەکان ، بۆ نەوەکانی ئێستا و دواڕۆژیش وەدەستیان هێناون . هەر ئەم نەوە نوێیەی ئێستای لاوان و گەنجان میراتگرێکی سروشتی و ڕاستەقینەی بەری ڕەنجی ئەو باوباپیرە گیانبازانە و خاوەنی خۆڕسکی ئەم دەسکەوتانەی ئێستان ، نەک سەرانی کورد و داروودەستە داپڵۆسێنەر و پاساودەرەکانیان ، کە هەمیشە ئەوان بە حازرەکی

هاتوونەتە سەر دەسکەوتە پیرۆزەکان و هەر ئەوانن کە بە کەڵەگایی خۆیان و دەسەڵاتە گەندەڵەکانیانەوە ، بەری ڕەنجی ئەو میللەتە تاڵان و مافە ڕەواکانیان پێشێل دەکەن .

## ئایا بەشداریکردنمان لە دەنگدانەکەی ( 15 – 12 – 2005 ) چی دەگەیەنێ ؟ بایەکۆت و بەشدارینەکردن چی ؟

بە شیکردنەوەیەکی بابەتییانەی ڕەوتی وەڵامی ئەم دوو پرسیارە و ڕاڤەکردنی ئاکام و دەرەنجامەکان . هەوڵ دەدەم وەکوو وڵاتپارێزێکی خەمخۆر ، لەبەر ڕۆشنایی هەڵسوکەوت و ڕەفتاری دەسەڵاتداران و حوکمڕانییەکەی ئەو دوو حیزبە لە ساڵی ڕابردوودا ، گوزارش لەم دوو لایەنە چارەنووسسازە هەنوکەییەی ڕەوشی ئێستای کوردستانەوە بکەم ، بە مەبەستی تۆژینەوەیەکی ڕیالیزمانەی دوور لە گرژیی ڕادیکاڵانەوە ، سەبارەت بە پانتایی دەرەنجامە سیاسییەکانی ئەو دەنگدان یان دەنگنەدانە و کارکردنە سەر ڕەوشی ئەو چوار ساڵەی ئاییندەی کوردستان ، کە لەم چەند خاڵانەی خوارەوەدا هەوڵی گەڵاڵەکردنیان دەدەم :

**1** – ئەگەر دەنگیان پێ بدرێتەوە : قەوارەی دەرماڵە و بودجە و داهاتی کوردستان بە دراو ، وەک ئەو دوو حیزبە ساڵانە لەبری بژێویی جەماوەری خەڵکی کوردستانەوە لە حکوومەتی عێراقی وەردەگرن ، بەبێ لێپرسینەوە و دوور لە هەموو چاودێرییەکی یاسایی و شەفافییەتێکی ئیدارییەوە ، هەر وەکوو ساڵی پێشوو لە خۆیان بترازێ کەس بۆی نابێ بیزانێ کە ئەو بودجە و دەرماڵەی داهاتی کوردستان چەندەها بلیارن ؟ یان چۆن مافی ئەو دەستبەسەراگرتنەیان بۆ خۆیان ڕەوا بینیوە و بەپێی چ یاسا و پێودانگێک لە نێوان خۆیاندا دابەشی دەکەن ، یان بوارەکانی خەرجکردنیان چۆنە و دەچنە گیرفانی کێوە ؟ ئەم پرسیارانە و زۆر پرسیاری دیکەش بێ وەڵام دەمێننەوە ، چونکوو ئەم دوو حیزبە لە هەر بوارێکدا هاودەنگ و هاوئاهەنگ و هاوسەنگ و کۆک و تەیار نەبن ، لە بواری تاڵانکردنی ئەو سەروەت و سامانە لەبنەهاتووەی ئێستای کوردستاندا ، هەمیشە دەست لەناو دەست و برای گیانیبەگیانی و دۆستی دێرینی هەمیشەیی یەکتری و موو بە نێوانیاندا گوزەر ناکات ! بۆیە ئەگەر دەنگیان پێ بدرێتەوە ، ڕەوشی ئەم دزی و جەردەییەی ئێستایان وەکوو خۆی دەمێنێتەوە و بگرە ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش زیاتر لە پەرەسەندندا دەبێت .

**2** – ئەگەر دەنگیان پێ بدرێتەوە : ئەو دابڕانەی ئێستای هەردوو ئیدارەکەی سلێمانی و هەولێر ، بۆ ماوەی چوار ساڵی ڕەبەقی دیکەش مسۆگەر دەبێت و پێویستە دەست لەو یەکگرتنەوە بشۆردرێت . بۆ ؟ چونکوو ئەوان ئەگەر یەک بگرنەوە ، ئەم دراو و پارە و سامان و دەرماڵەی کە ئێستا لە بەردەستیانە و ساڵانە لە حکوومەتی عێراقی وەردەگرن و لەنێوان خۆیاندا بەبێ لێپرسینەوە برابەشی دەکەن . لێی بێبەری دەبن و لە دەستیان دەردەچێ ، چونکوو ئەو کاتە ئەو سەروەت و سامانە تەسلیمی پەرلەمان یان حکوومەتە شەرعییە یەکگرتووەکەی ئایندەی کوردستان دەکرێت نەک بەو دوو حیزبە . ئەو کاتەش ئەو دوو حیزبە وەکوو هەر حیزب و

کۆمەڵە و ڕێکخراوەیەکی دیکەی کوردستان ، بە پێی ڕێژەی گەورەیی یان بچووکیی حیزبەکەیان ، بەشێکیان لەو دەرماڵەیەدا دەبێت . واتە ئەو کاتە سروشتیانە و عادەتیانە و وەکوو هەموو حکوومەتەکانی دونیا ، ئەوان چاویان لە دەستی حکوومەت یان لە بڕیاری ئەو پەرلەمانەی کوردستانەوە دەبێت نەک پێچەوانەکەی . ئەو کاتەش مووچەخۆر و قوتابی و فەرمانبەر و ڕێکخراوە پیشەیی و مەدەنییەکانی دیکە ، چاویان بە دەستی ئەم دوو حیزبەوە نابێت بۆ ئەوەی بە خێری خۆیان خێرێکیان پێ بکەن ، یان بازرگانی بە دەنگ و ئیرادە و کاسایەتییەکانی ئەو خەڵکانەوە بکەن و وەکوو خەڵکانێکی پلەی دووەم و بە چاوی ئاغا و مسکێن و نۆکەر و خزمەتکارەوە تێیانەوە بڕوانن .

**3** - ئەگەر دەنگیان پێ بدرێتەوە : کوردستان دامەزراندنی تاکە یەک دەزگای مەدەنی بە خۆیەوە نابینێ . چونکوو ئەوان بە هۆی ئەو دەسەڵاتە حیزبییە تۆتیالیتاری و سەرکوتکەرە بەربڵاوەیانەوە ، بەوێنەی ئێستا ، هەموو دەزگاکان کۆنترۆڵ دەکەن و دەیانحیزبێنن و دەیانخەنە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتی حیزبەکانی خۆیانەوە . ئەمیش دەبێتە مەترسییەک بۆ دەستەبەرکردن و چەسپاندنی حوکمێکی تۆتیالیتارییانەی چەشنی حوکمڕانییەکەی ستالین و هیتلەر ، خۆ هیتلەر بە هەڵبژاردنێکی دیموکراتیانەوە حوکمی ئەڵمانیای گرتە دەست ، بەڵام چونکوو هەموو دەزگا مەدەنییەکانی خستبووە ژێر ڕکێف و کۆنترۆڵی حیزبەکەی خۆی و جیهازی ( غۆستابۆ ) داپڵۆسێنەرەکەیەوە . دەرەنجام بوو بە مایەی ئەو کارەساتە گەورەیەی کە بە سەر ئەڵمانیادا هات و هەموو جیهانیشی لەگەڵ خۆدا تێوە گلاند .

**4** - ئەگەر دەنگیان پێ بدرێتەوە : جێ پەنجە و شوێنی دەستە گومناوییەکەی ئەم تاکە ساڵەی حوکمڕانییە گەندەڵەکەیان ، لە تەشەنەکردنی فەسادی ئیداری و سیاسی هەر وەک ڕاشکاوانە خۆیانیش دانی پێدا دەنێن و نکۆڵی لێ ناکەن ، کە خۆی لە تاڵانکردنی سامانی ئەو میللەتە و دزی جەردەیی و پەرەپێدانی دابڕان و یەکنەگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکەدا دەنوێنێ ، بۆیە مشتی دەسەکەی ئەم ساڵەیان باشترین نموونەیەکی ئەو خەرواریە ، کە دەیانەوێ بۆ چوار ساڵی ڕەبەقی دیکەش ڕایکێشن و دە هێندەی ئێستاش زوخاو و تاڵاو بەو میللەتە بچێژن . ئەو کاتەش ئەو ناپاکیانە زیاتر برەو دەستێنن و باشتر پەڕوباڵ دەردەکەن ، چونکوو هەڵابژاردنەکەی ئەم جارەیان بۆ تاکە یەک ساڵ نابێت ، بەڵکوو بۆ چوار ساڵی ڕەبەقە .

**5** - ئەگەر دەنگیان پێ بدرێتەوە : ئەم چوار ساڵەی داهاتوو ، لەنێو شەپۆلی دەریای ئەو پارە زۆرەی کە ڕۆژێک لە ڕۆژان بە خەیاڵیشیاندا گوزەری نەدەکرد ، ئەو دەرماڵە لەبننەهاتووەی کە بە ناوی ئاوەدانکردنەوە و بژێوی ژیانی جەماوەری کوردەوە لە حکوومەتی عێراقی وەردەگرن ، هۆیەکی کاریگەر و ڕاستەخۆ دەبێت بۆ زیاتر پتەوکردن و چەسپاندنی کورسیی دەسەڵاتەکانیان . هەر کە داشی دامەکەشیان سوار بوو ، ئیتر باکیان لە کەس نامێنێ و بۆ یەکجارەکی دەست دەگرنە سەر هەموو سەروەت و سامان و سەرپاکی دەزگا حکوومی و ناحکوومی و ئابووری وڵات ، تەنانەت مووچە و بژێوی ژیانی ڕۆژانەش بۆ هەتاهەتایی کۆنترۆڵ دەکەن و بە هیچ کلۆجێک ڕێگا نادەن کە لە دەستیان دەرچێت . ئەوجا ئێمەیش بۆ ڕەزامەندی

دڵی ئەوان ، کوڕم دەوێ بە ماست نەڵێ ڕەشە . ئەو کاتەش قوتابیانی کچان و لاوانی ڕۆشنبیر و نووسەرە خاوەن هەڵوێستەکان و سەرپاکی فەرمانبەر و کرێکاران ، وەکوو پڵنگەکانی چیرۆکەکەی ( زکریا تامر )یان لێ بەسەر دێنن ، کە دە ڕۆژی ڕەبەق لە قەفسدا برسییان کردن و هیچیان نەدانێ ، تا دەرەنجام لە برساندا لە بری گۆشت ، ناچاریان کردن بە وێنەی مەڕ ، پووشوپەڵاش و سەوزەگیا ڕووکراوەکانی بەردەمیان بخۆن . باشترین بەڵگەیەکی زیندووش ، پەلامارەکانی ڕۆژی ( **06** | **12** | **2005** )ی پارتییە بۆ سەر بارەگاکانی یەکگرتووی ئیسلامی لە شارەکانی ژێر دەسەلاتەکەی خۆیدا و شەهیدبوونی ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی و چەند ئەندامێکی دیکەش . هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییەی کە یەکگرتووی ئیسلامی لەو شارانەی ژێر دەسەلاتی پارتی لە کەسبکردنی دەنگی دانیشتوواندا ، وەک سەرژمێرییەکی سەرپێیی وەک ئەوەی باوە کە پاراستن ئەنجامی داوە ، ڕێژەیان لە ڕێژەی دەنگەکانی پارتی زۆر زیاتر بووە ، بەوەش گلۆڵەی پارتیان خستووتە لێژییەوە ، چونکوو ئەو کاتە بەشی زۆری ئەو پارە و دەرماڵەیەی ژێر دەسەلاتی پارتی ، کە بە موڵکی باوکەلبرای ڕەوای خۆی دەیزانێ و یەکگرتووی ئیسلامی خەریکە بەو کایە دیموکراتییە هەروا بە ئاسانی لە ژێر دەستی دەریبێنێ . بڕوا بکەن ئەگەر پارتی بە هێنانی زرێپۆشەکانی تورکیا و سوریا و ئێرانیش بێت ، سازش لەسەر ئەو پارە و دەرامەتە لەبنەهاتووە ناکات . ئەمەیە ڕاستی ئەو دیموکراتییەتەی حیزبەکەی کاک مەسعوود بارزانی ، وەک لە ڕاگەیاندنەکانیاندا شەو و ڕۆژ گوزارش و بانگەشەی بۆ دەکەن و بە نیازن بیکەنە نموونەی ئەو دیموکراتییەتەی کە دەیانەوێ لە پاش هەڵبژاردنەکان ، لە سەرانسەری کوردستاندا جەماوەری خەڵکانی پێ حوکمڕانی بکەن !

**6** - ئەگەر دەنگیان پێ بدرێتەوە : لە سەرانسەری کوردستاندا و هەر بە وێنەی ئێستا و خراپتریش لە ئێستا ، سەروەریی دز و جەردە و پیاوکوژ لە بری یاسا بەرز ڕادەگیرێ و باڵادەست بەرەو پەیدا دەکات . چونکوو بریقوباقی پارەی زۆروزەبەندی موفت و دەسەلاتی بێ سنووری بێ لێپرسینەوە ، تەنانەت براش لە برا دەکات نەک بە تەنها جەماوەری چەوساوەی کورد لە خاوەن دەسەلاتی چاوچنۆک ، وەک ئەوەی ئێستا لە سایەی ئەو دوو حیزبەوە لە کورد ڕووی داوە .

**7** - سەبارەت بە مەسەلە چارەنووسسازەکان : نوێنەر و نمایندەی کورد لە بەغدا زۆر بن یان کەم ، هەبن یان نەبن ، هەر بڕیارێک پەرلەمانەکەی بەغدا دەری بکات و لە بەرژەوەندیی کورددا نەبێت ، بەپێی بەندەکانی دەستوور کە لە کاتی خۆیدا ( بریمەر ) بە زیرەکی و بەخێری خۆی چەسپاندوویەتی ، دەنگی دوو لەسەر سێی جەماوەری هەرسێ پارێزگاکانی کوردستان دەتوانێ هەر بڕیارێکی بەغدا هەڵوەشێنێتەوە . بە پێچەوانەی دەربڕینی سەرانی ئەو دوو حیزبەوە کە دەیانەوێ هەموو شتێک گرێدراوی ئەم دەنگدانەی ئێستای بکەن . ئەو ڕاگەیاندنە چەواشەکەرانەی ئەو دوو حیزبە ، ڕاستەوخۆ دەچنە خانەی پڕوپاگەندەی هەرزان و بەرژەوەندیی تەسکی حیزبایەتییەوە و لە ڕاستییەکانەوە زۆر بەدوورن .

بڕوا بفەرموون ڕۆژی ( 15 – 12 – 2005 ) ئەگەر لە سەرانسەری کوردستاندا نەکرێتە ڕۆژی ڕاپەڕین لە گەندەڵییەکان و بایەکۆتکردن لە دەنگدان و بەرشەقدانی سندووقەکان ، پارتی و یەکێتی چ بە تەزویر بێ یان وەکوو باسی لێوە دەکرێ بە سندووقی پێشتر ئامادەکراوی پڕ لە دەنگەوە بێت ، تەنانەت ئەگەر تاکە تەشییەکیانیش دەست نەکەوێت ، ئەو خورییەی کە پێشتر خۆیان و هەر بۆ خۆیان ئامادەیان کردووە ، ئەگەر بە وانێکی کەریش ڕستبێتیان هەر دەیرێسن و گرەوی خۆیانی پێ دەبەنەوە . بۆیە تاکە چارەسەرێکی ئەم ڕەوشە نالەبارەی ئێستا ، بایەکۆتکردنە لە هەڵبژاردنەکانی ڕۆژی ( 15 – 12 ) . ئەو کاتەش پەرلەمانەکەی ئێستای کوردستان هەڵدەوەشێتەوە و ئەمیش هەلێکی زێڕین دەبێت لە پێش جەماوەری چەوساوەی کورددا ، بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانێکی نوێ لەژێر چاودێریی نەتەوەیەکگرتووەکاندا ، تەنها ئەو کاتەش کورد دەتوانێ نوێنەرانی ڕاستەقینەی خۆی بۆ هەردوو پەرلەمانەکەی کوردستان و عێراق ، دوور لە دەسەڵاتی موتڵەقی ئەو دوو حیزبەوە کاندید بکات و هەڵیان بژێرێ . ئەو کاتەش ئەو بەندەی تایبەت بە ( مافی چارەی خۆنووسین ) کە کاک مەسعوود بارزانی لە بەغدا لە کاتی نووسینەوەی دەستووردا دۆڕاندی و دەستبەرداری بوو و پەرلەمانەکەی ئێستای کاک عەدنان موفتی و کەماک کەرکووکیی جێگری ، بە فریودانی ئەو میللەتە دەنگیان لەسەری دا ، ئەویش هەڵدەوەشێتەوە .

ئەم ڕچەڕێیە تەنها ڕێگایەکە بۆ دەربازبوون لەو گێژاوەی کە سەرانی پارتی و یەکێتی ئەو میللەتەیان گیرۆدەی کردووە . ئەم دەرگایە تەنها دەرگایەکە بیکوتین بۆ ئەوەی لە شەوەزەنگی ئەم دوو ئیدارە گەندەڵەی هەولێر و سلێمانی ڕزگار بین . ئەم بەلەمە تاکە بەلەمێکە بتوانێ لە شەپۆلە ترسناکەکانی ئەم دەریا سامناکە قورتارمان بکات و بمانگەیەنێتە کەنار .

2005 - 12 - 07 _ سوید _ ستۆکهۆڵم